ئایندەی گەرمیان ژمارە(٢)١/٨/٢٠٠٥

# عێراق تەنها دوو ڕێگای لەبەردەمە سێیەمی نیە

شادمان مەلا حەسەن



ئەم ناونیشانانەی سەرەوە ووتەی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵە، لەدیمانەیەکی ڕاستەوخۆدا سەبارەت بەچارەنووسی عێراق کردی لەکەناڵی(الحره) بێگومان دەبێ ئەوە بزانین کەم کەسایەتی سیاسی لەعێراقدا ئەمڕۆ هەیە بەقەد مام جلال مێژووی پێکهاتەی عێراق‌و دەربازبوونی بەتەمەنێکی ٨٢ ساڵی پڕ لەگێژاوو فەوزای نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌شارەزا بێت، دەوڵەتی نەخشە سیاسی ئەمڕۆ عێراق لەبنەڕەتدا بەسروشتی خۆی‌و دەورانی تەواوی ناو منداڵ دانی دایکی خۆی نەکردووە، بەڵکو بەزۆر ئاوس کراوەو هەر بەنەشتەرگەرێکی قەیسەری لەناوزگی ئەو دایکە ناسروشتیەی هەیبووە هێنراوەتە دەر، لەدوایی پرۆسەی ئازادی عێراق‌و هاتنی‌هێزەکانی هاوپەیمانان عێراق لەبەریەك هەڵوەشایەوە وەك پێش لەدایك بوونی خۆی لێهاتەوە، ئەو خانەوادەی کاپێیان دەگووت گەلی عێراق لەبەریەك هەڵوەشایەوەو هەر کوڕەو کچەبوو ماڵی خۆی کردو کەسێکی ئەوتۆ نەماوە پێی بڵێن دایك‌و باوك، کەواتە ئێستا عێراق دەبێ دروست بکرێتەوە ,واتە ماڵێکی تازەی بۆ دابنرێتەوە .بەڵام کام دروست کردنەوە ئەگەر تەنها سەرو مێزەرێکی لەسەر بنرێ‌و ناسنامەیەکی لەگیرفان بنرێ‌و بڵێن ئائەوەتە دەوڵەتی عێراق ئەمە زیاتر خەیاڵ پلاوێیە. ووتەکەی سەرۆك کۆمار مەبەستی لەدوو ڕێگاکە مەبەستی.

١/ یا ئەوەتە عێراقی نوێ دەبێ بەشێوەیەکی هاوسەنگ‌و فیدراڵی بەرجەستە کردنی هەموو مافە مەدەنی‌و نەتەوەیی ئاینی‌و مەزهەبیەکانی پێکهاتەی خەڵکی عێراق بێت‌و مافی کەس بەلاوە نەنرێ .

٢/ ئەگەر ڕێگاچارەی یەکەم سەری نەگرت‌و مەست بووەکانی ناسۆنالیزمی عەرەبی هەر بەمەبەستی‌و خەیاڵ پلاوی مانەوە ئەوە بێگومان عێراق هیچی نەماوە ئەوە دەبێ دابەش کردنەکەی لەواقیعی هەبووی ئێستا بخرێتە سەر نوسراوی ڕەسمی‌و هەر پارچەیەك خەم لەبەیداغ‌و مارشی نیشتمانی‌و سیستەمی دەوڵەتە بچکۆلەکەی خۆی بخوات .

کاتێ مام جلال دەڵێ ڕێگای سێیەم نییە کەواتە عێراق نابێتە ئەو عێراقە یەکگرتووە شمولیەی جاران کەڕژێمێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی سوننە حکومی بکات‌و بەزەبری هێزی ئاگرو ئاسن سەرکوتی هەموو خەڵکی عێراق بکات، دەوڵەت ئەوەندەی خەریکی سەرکوت کردنی ئازادیەکانی خەڵکی عێراق بوو هەرگیز ئەوەندە خەریکی ئاوەدانکردنەوەو بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و پێشکەوتنخوازو دیموکراسی نەبووە، بۆیە هەرگیز ڕێگای سێیەم لەبەردەم عێراقی ئێستا جێ‌بەجێ نابێ چونکە ئەمریکا کاتێ هاتووە بۆ ئەوەی ڕێگای سێیەمی عێراقی نەهێڵێ هەروەها نەکوردو نەشیعەش جارێکی تر وابەئاسانی ناخرێتەوە ناو چوارچێوەی بازنەیەکی تەسك‌و تروسکی عێراقی جاران، هەتا ناترێ ئەم سیناریۆیە دووبارە بکرێتەوە ئەگەر لەجیاتی سوننە بدرێتە شیعە یان کورد، دوایی ٨٢ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراق ئەم وڵاتە ئارام نەبۆوە بەشێوەیەکی سروشتی بنەمای پێکهاتەی خەڵکی عێراق لەڕووی کەلتوری‌و فەرهەنگیەوە یەکی نەگرت، ئەمە لەسەر دەمانێك بوو کەنەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەك ئێستا بوون، نەهۆشیاری خەڵکیش وەك ئێستابوو، ڕۆژگاری ئەمڕۆ هۆکارەکان‌و سەربەخۆیی کەسایەتی پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق هەرگیز قبوڵی ئەوە ناکات، بێتەوە ژێر دەستەی تایفەیەك. هاوڵاتی‌و تاکی کوردستان ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵە لەئەزمونێکی سەربەخۆدا دەژی جۆرێك لەکەسایەتی تایبەت بەخۆی بۆ دروست بووە بەچ هەقێك واز لەم تایبەتمەندیانەی خۆی دەهێنی‌و دەچێتەوە چوارچێوەی دەوڵەتێك کە جگەلە کوشتن‌و بڕین‌و سووتماك کردنی نیشتمانەکەی هیچیتری بۆ پێ نەبووە، بۆیە عێراقی داهاتوو گەر بەنەخشەی سیاسی ئەمڕۆ بیەوێ بمێنێتەوە ئەوە هاوسەنگ بوون باشترین چارەسەرە, ئەو هاوسەنگ بوونەی خۆی لەسیستەمێکی دیموکراسی فیدراڵی‌دا دەبینێتەوە .

# گۆڕانکاریە ئابوری‌وسیاسیەکانی کوردستان، فاکتەری دەرەوەو کاریگەری لەسەر کوردستان

مەلا عرفان

ئاشکرایە لەکۆن وئیستادا کوردستان پیگەیێکی گرنگ و پربایەخ وستراتیژی بووە لەرۆژهەلاتی ناوەراست وجیهان ئەم شۆینە گرنگە ماوەیەکی دووروو درێژ بووتە مایەی کاولکاری ومالۆیرانی بۆ کورد ودانیشتیوانەکەی، رەنگە دەرفەتیش هاتووتە پێش بۆکورد تابتوانێ کیان وقەوارەی سیاسی خۆی ڕابگەیەنێ، بەلام بەرژەوەندی زلهیزەکانی دونیا هەمیشە بەربەستبووەو بە بەردەوامی کورد بۆتە قوربانی ململانێی نێوان ئەو زلهێزانە، ئەگەر هەندێك بگەڕێنەوە بۆمێژوو بۆمان دەردەکەوێت کە لەشکرکێشی سەفەوی وعوسمانییەکان لەساڵی ١٥١٤ کە بە شەڕی چالدێران ناودەبرێ و شەڕی سەدەی شازدەو داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەساڵی ١٥٣٤ و لەشکرکێشی ساسانییەکان، هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ کوردستان ساڵی ٣٣ز و گەڕانەوەی ١٠ هەزار سەربازی یونانییەکان وبەرپابوونی شەڕی ئەسکەندەری مەکەدۆنی وداریوش ساڵی ٤٠پ.ز لە نزیك هەولێرو شەڕی قادسیەی نزیك روباری فورات وشەڕی جەلەولا ١٩١٤ ٠٠٠٠٠ هتد ئەمانەو دەیان کۆیرەو نەهامەتی کە لەوڵاتی باو باپیری ئێمەدا ئەنجام دراوە بۆتە مایەی ئەوەی خەونەکانمان بە دی نەیەن, لە سەردەمی نوێیشدا تەکنەلۆژیای سەردەم لەگازی کیمیاوی وقەتلوعامکردنی خەڵکی کورد لەکارەساتی ئەنفال وکیمیا بارانی هەڵبجە و رووخاندنی نزیك ٤٠٠٠ گوند هێندەی تر رەوشی کوردانی ئالۆزکردووە ٠

ئیستاش لە سەردەمی دیموکراسی ومافی مرۆڤ وئازادی نەتەوەکان لە سایەی سیستمی نۆی جیهاندا جارێکی تر شەڕ ولاتی ئێمەی گرتۆتەوە, بەلام ئەمجارە دەکرێ بلێین بەخت یاوەرمان بوو چونکە لەجیاتی مالۆیرانی وکاولکاری, کورد توانی تا ئێستا سوودمەند بێت وکیان وقەوارەی سیاسی وجوگرافی خۆی هەبێت بەوەش ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی میللەتەکەمان دەکات، ئەو گۆڕانکاریانەی لەناوچەکەو عێراقدا روویدا گۆڕانێکی گەورە وگرنگ بوو بۆکورد, دەتوانم بلێم گۆڕانکاریەکانیش رۆڵیان هەبوو لەنەهێشتنی شەڕی داسەپاو ناوخۆو یەکخستنی ماڵی کوردی ویەکخستنی سیاسەتی کورد بەرامبەر بەنەیارەکانی, ئێستا نوێنەرانی کورد بە سەلیقەوە مامڵە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا دەکەن و مەسەلەی رەوای کوردیش خۆش بەختانە لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکانی دونیادا گونجاوەو تەریبە, ئەمەش رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەبەرقەراربوونی قەوارەی سیاسی کورد وگۆڕانکارییەکان لەبەرژەوەندی کوردە, چونکە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت ونەمانی بلۆکی سۆشیالیستی وگرتنە دەستی دەسەلاتی دونیا لەلایەن سەرمایەداری جیهانییەوە گۆڕانکارییەکان ڕەوتێکی نوێی بەخۆیەوە بینی‌و دیموکراسی بوو بەهەڕەشەیەکی گەورە لەسەر رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە وهاتنی ئەمریکییەکان بۆ ئەفغانستان وعێراق تایبەتمەندی خۆی هەبوو, چونکە هەر وەك فەیلەسوفی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیامای بەرچەڵەك یابانییەدەڵێت:" سەدەی تازە سەدەی ئەمرێکایە؟", دەکرێ کورد لەم سەدەیەدا سوودمەندبێت, چونکە پێش لێدانی عێراق, کورد لە بازنەی دژە تێرۆرو دۆستی ئەمریکا بووەولەپروسەی ئازادی عیراقیشدا کورد رۆڵی جوامێرانەی خۆی بینوەو لە سایەی گۆڕانەکاندا دەستکەوتی گەورمان بەدەست هێناوە, بۆ نموونە باشبوونی وەزعی مەعیشی‌خەڵك وبەرقەراربوونی ئەمن وئاسایش و نەمانی چەکدارە توندڕەوەکان ویەکخستنی ماڵی کوردی وسەرکەوتنمان لەهەڵبژاردنەکاندا وبەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکۆماری عێراق وچەندان پۆستی وەزاری گرنکی هەیەو بەکورتترین شێوە حکومەتی عێراق ئەمڕۆ بێ کورد تەشکیل نەدەبوو؟ لە ئایندەشدا ئەرکەکان زۆر قورستر دەبێت بۆ کورد, لە داهاتوویشدا رۆژیکی گەش چاوەڕوانمان دەکات بە پێی ئەو دراوانەی کەلە سەرەوە باسمان کرد .

پرۆفیسۆری ئەمریکی صامۆیل هنتەنگتۆن پیشبینی کردووەو حکومەتی ئەمریکایی لەوە ئاگادار کردووەتەوە,کە دەکرێت لە شەڕی شارستانییەتەکانداچەند شارستانییەتێك یەك بگرن ودژی شارستانییەتێك بوستنەوە کەبوونی مرۆیی دەخاتە مەترسییەوە, بۆیە پێویستە ئەمریکا بەجدی ئیش بۆ ئەم مەسەلەیە بکات لە رێگایی بلاوکردنەوەی هزری دیموکراسی ومافی مرۆڤ.

لە هەمان کاتدا ئەمڕۆ شەڕی نەوت و سەرچاوەکانی وزە وای لەئەمریکا کردووە هەوڵی ئەوە بدات ناوچەکە بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە, چونکە پیشبینی دەکرێ نەوتی کەنداو کە٦٠٪ سوتەمەنی جیهان پێك دەهێنێ,لە٥٠ ساڵی ئایندەدا کەم بکات یان نەمێنی, بۆیە ئەمرێکا بیرلەبەدیلیکی تر دەکاتەوە لە ناوچەکەدا, کە ئەویش دەست بەسەراگرتنی چاڵە نەوتەکان قەوقازە لەگەڵ کوردستان کەنزیکەی٢٠٪ سووتەمەنی جیهان پێکدەهێنێ. بە کارهێنانی نەوتی باکوور دەکرێت وەکو وەرقەی زەختیش بەکار بهێنرێت دژی رێکخراوی ئۆپیك, جا دەکرێت لەم بنچینە ئابووری وسیاسیانەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کورد سوودمەند بێت, چونکە مەسەلەی ڕەوای ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا تەریبەوئەم جارەیان بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ کورد بەپێ هەموو پێوەرەکان گونجاوترە وکورد دەتوانێ هوشیارانە لەگەڵ گورانکاریەکاندا, دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سیستمی نۆی جیهان خۆی بگونجێنێ وزەمینە خۆشکەریش بێت بو جێبەجێکردنی پلانەکانی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا .

زەڵمای خەلیل زاد

# ئەفغانیە خۆشەویستەکەی سەرۆك بۆش

مەجید ساڵح

زەڵمای خەلیل زاد لە کۆشکی سپی واشنتۆن دا،وەك بەرخێکی ڕەشی ناو کاوڕەسپییەکان دەرکەوتووە٠ سەرۆك بۆشی بۆ خۆشەویستی دەڵێت"زەڵمای شەهێنی ناو بازەکانە"ئەو پیاوە تەنیا کەسێکی موسڵمانی ناو "پارێزگارە تازەکان"ی دەسەلاتداری ئەمریکایە کە لە کەسانی جولەکەو مەسیحی پێك هاتووە ٠ خلیل زاد پسپۆری "ژیوئیستراتیژیك" ساڵێ ١٩٥١ لە کابولی پایتەختی ئەفغانستان دایك بووە ٠ و بە کوڕی یەکێك لە راوێژکارەکانی پاشای پێشوی ئەفغانستانە. قۆناغی منداڵی‌و هەرزەکاری لە کابول تەواو کردوە ٠ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەیروت ولە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان خۆیندنی تەواو کردوە ٠ لە سەرەتادا باوەڕێکی پتەوی بە مارکسیزم هەبووە دواتر بەهۆی کوچ کردنی بۆ ئەمریکا و ئاشنابوونی لە گەڵ "پول ولفوتیز" و پرۆفسێور "فوهلستیتر" دەست بەرداری چەپگەرایی دەبێت و دەبێ بە کەسێکی راست ڕەو٠ساڵی ١٩٤٨ پاش ئەوەی جنسیەی ئەمریکی وەردەگرێت ، دەبێتە راوێژکار لە " بەرێوەبەرایەتی دارشتنی سیاسەت" لە لای "پول ولفوتیز"ی هاوڕێی ٠ پاش ساڵێك لە بەر لیهاتوویی خۆی دەبێتە بەرێوەبەری ئەو فەرمانگەیە وتاکو ساڵی ١٩٨٩ لەو کارەدا دەمێنێتەوە٠ لەوکاتەوە پەیوەندی خلیل زاد لە گەڵ پارێزگارە تازەکان" پتەوتردەبێت ٠ خلیل زاد پاش داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆفێتەوە ئەستێرەی بەختی روو لە درەوشانەوە دەکات ٠لە ماوەیەکی کورتدا بە هۆی شارەزایی لە کاروباری ئەفغانستان دا دەتوانێت هەموو گروپە ئیسلامیەکان بکاتە هاوکاری ئەمریکا بۆ روبەروبونەوەی مەترسی تەشەنەسەندنی کۆمەنیزمی سوفیەتی٠ بەلام پاش ئەوەی سۆفیەت لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەفغانستان کشایەوە ، خەلیل زاد لە یاداشتێکدا ئیدارەی ئەمریکای لە هەڕەشەی فراوانبوونی ئیسلامی سیاسی لە جیهانی ئیسلامی‌دا بە ئاگا هێنانەوە و پێشبینی ئەوەی کرد بوو کە بە هۆی کشانەوەی سۆفیەت و گوێ نەدانی ئەمرێکا بەو گروپە ئیسلامیە توندڕوانە ناوچەکە بەرەو شەڕیکی بێ ئامان دەچێت ٠بەلام گوی نەدانی پنتاگۆن بەو یاداشتەی خەلیل زاد ، کارێکی وای کرد پاش دوازدە ساڵ هەموو پێشبینیەکانی ئەو پیاوە راست دەرچن ٠ پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٨ لە نامەیکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، زەڵمای خەلیل زاد پێشبینی ئەوەی کردبوو کە "سەدام حسین" دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست ٠ بۆیە داوای لە "جورج شۆڵتز"ی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا کرد کە دەست هەلگرێ لە پشتیوانی کردنی ڕژێمی "سەدام حسین" و داوای کردبوو حکومەتی ئەمریکا پشتێوانی سەربازی لە بەرهەلستیکارە کورد و عیراقیەکان بکات ٠ بەپێی رۆژنامەی "نیویورك تایمز" پاش ئەوەی سەدام حسین کویتی داگیرکرد، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نامەکەی خلیل زادی جارێکی تر خۆیندەوە، بەلام ئەوکات کارلەکار ترازابوو٠ ساڵی ١٩٨٩ بۆ ماوەی دووساڵ وەك مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەرسی وتەوە٠ ساڵی ١٩٩١ بو بەراوێژکاری "بوش-ی" باوك ، بەلام تەنیا یەك ساڵ لەوێ مایەوە و لە ساڵی ١٩٩٣ خەلیل زاد گواسترایەوە بۆ "دامەزراوی راند" کە یەکێکە لە گەورەترین دەزگاکانی لێکۆڵینەوەو بەرنامەدان لە ئەمریکا لە بواری سەربازی دا ٠ پاش ماوەیەکی کورت خلیل زاد سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە رۆژهەلاتی ناوەراستی لەو دامەزراوەدا کردەوە٠ ساڵی ١٩٩٦ لە کۆمپانیای نەوتی "یونۆکاڵ" بوو بە راویژکار٠ لەو کاتەدا ئیدارەی "کلنتون"بە هاوکاری مخابراتی پاکستان دەستی دایە هاوکاری کردنی تالیبان وپشتیوانی کردنیان بۆ دەسەلات گرتنەدەست٠ خەلیل زاد ئەم هەنگاوەی ئیدارەی "کلینتون" دایە بەر رەخنەو وبەوەی وەسف کرد کە "هەڵەیەکی ستراتیژی گەورە"یە٠ دوای چەند مانگێك جارێکی تر پێشبینیەکانی خلیل زاد راست دەرچوون٠ وتالیبان و ئوسامەی بن لادنی دوژمنی سەرسەختی ئەمریکاو هاوپەیمانیان لە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا بەست ٠ بەم جورە خەلیل زاد ناوبانگی زیاتر دەرکەوت ٠ خەلیل زاد چەندین ساڵ سەبری کرد تاکو ساڵی ٢٠٠١ جورج بۆشی کوڕ دەسەلاتی گرتە دەست، لە ئیدارەی دووەمی پارێزگارە تازەکاندا جگە لەوەی راوێژکاری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بوو، لە هەمانکاتدا راوێژکاری "کوندالیزا رایزی" سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکابوو ٠ دوابەدوای کارەساتی"١١" سپتەمبەریش بووبە نوێنەری سەرۆك بۆش لە کاروباری ئەفغانستان ،لێرەوە خەلیل زاد توانی ئیدارەی ئەمریکا بگەیەنیتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت رژیمی تالیبان لە سەر کار لابدات ٠ ئەوەشی بۆ چووەسەر ٠ پاش ماوەیەکی کورت لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو بە باڵویزی ئەمریکا لە ئەفغانستان ٠ سەرکەوتوویی خەلیل زاد لە ئەفغانستان ئیدارەی بۆشی هێنایە ئەو قەناعەتە کە بیکات باڵویزی ئەمریکا لە بەغدا ، ئەگەر چی ئەفغانستان و عێراق دوو وڵاتی جیاوازن ، بەلام خلیل زاد هێندە یش لە کاروباری عیراقدا بێ ئاگا نییە، بگرە پێش رووخاندنی "سەدام " لە ساڵی ٢٠٠٢ نوێنەری ئەمریکا بوو لە کۆبونەوەکانی معارەزەی عیراقی لە "لەندن" کەلە مانگی ئازاری ٢٠٠٣بەسترا.لەو کۆبونەوەدا خلیل زاد ئامادەبونیکی کاریگەری.هەروەها لە کۆبونەوەکانی معارەزەی عیراقی لە "ئەنکارا"ش رۆلێکی بەرچاوی گێرا لە نزیك کردنەوەی ئاراستە جیاوازەکانی ناو معارەزەی عیراقی٠ لە کۆنفراسی لەندن کە پیش شەش مانگ لە روخاندنی "سەدام حسین" بەسترا ،خەلیل زاد ووتی " ئامانجی ئیمە لە عیراق هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیموکراتیە کەلە سەر خواستی خەڵك هاتبێتە دەسەلات ، ئەو مەسەلەیە گەورەترین هۆکارە تاوەکو ئەمریکا لە عێراق دا پێگەیەکی دریژخینەی هەبیت" هاتنی خەلیل زاد وەك باڵویزی ئەمریکا لە عێراق پاش سێ رۆژ لە هاتنی سەرکاری جەعفەری بۆ خۆی چەند مانەیەکی هەیەو ئاینده زیاتر ئەو مەسەلانە ئاشکرا بکات.

